بەش: سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی

کۆلێژ: زانستە سیاسیەکان

زانکۆ: سەلاحەدین-هەولێر

بابەت: **سیستمی سیاسی لەعێراق و هەرێمی کوردستان**

قۆناغی سێیەم – کۆرسی دووەم

**ناوی مامۆستا: پ.ی. د. بارزان جوهر صادق**

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣ -٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس: | سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس: | پ.ی. د. بارزان جوهر صادق |
| 3. بەش/ کۆلێژ: | سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی / کۆلێژی زانستە سیاسییەکان |
| 4. پەیوەندی: | ئیمێل: barzan.sadq@su.edu.kurd<br>ژمارەی موبایل: 07504521328 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک: | سێ (3) کاژێر "سەعات" لە هەفتەیەکدا، بۆ هەر گروپێك. |
| 6. ژمارەی کارکردن: | سێ (3) کاژێر"سەعات" لە هەفتەیەکدا، بۆ هەر گروپێك. |
| 7. کۆدی کۆرس: | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا: | ✓ **زانیاریی کەسی:**<br>ناو: د. بارزان جوهر صادق<br>مێژوو وشوێنی لەدایك بوون: ١٩٨٤/١٠/١ هەولێر.<br>ناونیشان: هەرێمی کوردستان/ پارێزگای هەولێر/ گەڕەکی رۆشنبیری.<br>پلەی وەزیفیو شوێنی کاری ئێستا: مامۆستایە بە پلەی پڕۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>✓ **بڕوانانەی بەدەستهاتوو:**<br>1. هەڵگری بڕوانامەی (**بەکالۆریۆس**) لە زانستی سیاسی بە پلەی یەکەم لە کۆلێژی یاساو زانستە سیاسیەکان، بەشی زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ساڵی خوێندنی 2009 بۆ 2010<br>2. هەڵگری بڕوانامەی (**بەکالوریوس**) لە بواری کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین هەولێر، ساڵی خوێندنی 2002 -2006 |

| | |
|---|---|
| 3. هەڵگری بڕوانامەی (**ماجستێر**) لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان زانکۆی ئەمریکی - گیرنە، بۆ ساڵی خوێندنی 2013 -2014<br>4. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە سیستمە سیاسییەکان- زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، ساڵی 2020.<br>5. مامۆستای وانەبێژ بووە لە زانکۆکانی لوبنانی فەڕەنسی و زانکۆی نۆڵج لەنێوان ساڵانی خوێندنی 2015 بۆ 2020. | |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

بەگشتی لەم کۆرسەدا قوتابی فێری یەکەکان و بەشەکان و چۆنیەتی کارکردنی هەردوو سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکرێت. لەبەرئەوەی کە قوتابی لە دوو ساڵی رابردوو بە دوور و درێژی باسی تیۆری سیستمی سیاسی بۆ کراوە، بۆیە لێرەدا ئێمە تەنها لەسەرەتاوە وەکو وەبیرهێنانەوە و بەستنەوەی بابەتەکە بەم تیۆرە باسی تیۆرەکە دەکەین و دواتر قوتابی راستەوخۆ ئاشنا دەکەین بە بەهەردوو سیستمی سیاسی.

**11. ئامانجەکانی کۆرس:**

ئامانجی سەرەکی بریتییە لە شارەزابوونی قوتابی بە سیستمی سیاسی وڵاتی دایک (هەرێمی کوردستان) و دواتریش سیستمی سیاسی عێراق چونکە هێشتا هەرێمی کوردستان بەشێکە لەم دەوڵەتە، بۆیە گرنگە قوتابی بزانێت کە ئەو سیستمە سیاسییانەی تێیدایە چۆنە و بەچ شێوەیەک کار دەکەن.

ئامانجی دووەم، ئاشناکردنی قوتابییە بەراوردکاری سیاسی لەنێوان هەردوو سیستمی سیاسییەکە، چونکە هەرچەندە هەرێمی کوردستان هێشتا دەستووری نیە، بەڵام کۆمەڵێک یاسای بنەڕەتی هەیە کە سروشتی دەستووریان هەیە.

**12. ئەرکەکانی قوتابی:**

گرنگترین ئەرک بەلای مامۆستاوە بریتییە لە ئامادەیی قوتابی و گفتوگۆ و دیالۆگ لەسەر هەردوو سیستمە سیاسییەکە. ئینجا ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر شێوازی بەراوردکاری بەشێک یان یەکەیەکی سیستمەکان لەگەڵ یەکتری یاخود بەتەنها باسکردن لە یەکێک لە دەسەڵاتەکان لەناو هەر یەک لەو سیستمانە. جگە لەمانەش مامۆستا کۆمەلێک سەرچاوە دەخاتە بەردەستی قوتابی بۆ ئەوەی

لەپێش دەرسگوتارەکان و دواتریش بیانخوێنێتەوە و سوودی لێوەربگرێت بۆ وانەکە و تێگەیشتنی زیاتر.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە:**

ئێمە وەك مامۆستای وانە سود لە داتاشۆو پاوەرپۆینتو تەختەی سپیو پەرتوكو هەر ڕێگایەکی دیکەی گونجاو وەردەگرین بۆ وانە ووتنەوە.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

وەك مامۆستای وانە بەم جۆرەی لای خوارەوە هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیانو خوێندکاران دەکەین:

1. لە ڕێگای تاقیکردنەوەی مانگانە.
2. لە ڕێگای کویزەکان.
3. لە ڕێگای گفتوگۆی ناو پۆل.
4. لە ڕێگای ڕاپۆرتو وتار نووسین.

هەرجۆرە هەڵسەنگاندنێك نمرەی تایبەتی خۆی لەسەرە، بۆ نموونە تاقیکرنەوەی مانگانە 15 نمرە، کویزەکان 3 نمرە، گفتوگۆ و چالاکی ناو پۆل 3 نمرە و .... هتد.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

دوای تەواوکردنی کۆرسەکە قوتابی زۆر بەئاسانی دەتوانێت باس لە سیستمی سیاسی بەگشتی و سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق بەتایبەتی بکات و دواتر شیکردنەوە بۆ هەر یەک لە یەکەکانی ناو ئەم سیستمانە بکات.

**16. لیستی سەرچاوە:**

سەرچاوە بنەڕەتیەکان:

1. صادق، بارزان جوهر. (٢٠٢١). متمانەی سیاسی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان. تەهران: چاپخانەی جەنگەڵ.

2.

3. عەلائەددین، دلاوەر عەبدولعەزیز. (2013). *نیشتیمانسازی و سیستمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان*. هەولێر چاپخانەی ئاراس.

4. ئەلحەسەن، نەوفل. (٢٠٢١). رەگ و ریشەی سیستمی سیاسی ئیستا لە عێراق: تێڕوانینێکی مێژووییانە. و. یاسن عزەم. ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان. ژ. ١٤٥.
5. دەستووری هەمیشەیی عێراق ٢٠٠٥، رشنوسی دەستووری هەرێمی کوردستان ٢٠٠٩، یاساکانی هەرێمی کوردستان لە ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستان.
6- محمود، سيران قاسم. (2019).سلطات رئيس الدولة في نظم الحكم المتعاقبة في العراق للمدة من 1020-2033. مجلة العلوم السياسية. جامعة بغداد. عدد 59. 501–530.
8- قانون المجلس الوطني لقيادة الثورة رقم (61) لسنة 1964.
9- Easton, D. (1957). An Approach to the Analysis of Political Systems. World Politics, Vol. 9 (3). http://www.jstor.org/stable/2008920

10- Schlager, N. and Welsblatt, J. (2006). World Encyclopedia of Political Systems and Parties. Fourth Edition. New York: Facts On File.

| 17. بابەتەکان: | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| ناساندنی یەکەکەکان و چۆنیەتی دەرسگوتارەکان لەم کورسە<br><br>**سیستمی سیاسی**<br>پێناسە و تیۆر و رەهەندەکانی<br><br>**سیستمی سیاسی عێراق**<br>مێژوویەکی کورتی دروستبوون و گەشەسەندنی سیستمی سیاسی عێراق<br>دەسەڵاتە فەرمییەکان<br>دەسەڵاتی یاسادانان<br>دەسەڵاتی جێبەجێکردن<br>دەسەڵاتی دادوەری<br>دەسەڵاتە نافەرمییەکان<br>پارتە سیاسییەکان<br>میدیا<br>دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی<br><br>**سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان** | **پ.ی.د. بارزان جوهر صادق** |

| | |
|---|---|
| | پێکهاتەی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان<br>مەشروعیەتی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان لەناو عێراقدا<br>مەشروعیەتی دەستووریی<br>سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان لەناو یاساکانی هەرێمی کوردستان<br>گەشەسەندنی سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان بەشێوەی دیفاکتۆیی<br><br>بونیادنان و گەشەسەندنی دامەزراوەکان لەهەرێمی کوردستان<br><br>دامەزراوە فەرمیەکانی سیستمی سیاسی<br>دەسەڵاتی یاسادانان<br>دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن<br>سەرۆکایەتی هەرێم<br>حکومەت<br>دەسەڵاتی دادوەری<br>دامەزراوە نافەرمیەکانی سیستمی سیاسی<br>پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان<br>پارتە راستڕەوەکان<br>پارتە چەپڕەوەکان<br>پارتە ئیسلامیەکان<br>میدیا<br>دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی<br><br>**بەراوردکاری نێوان دەسەڵاتەکانی سیستمی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان** |

| | |
|---|---|
| | |

**18. بابەتی پراکتیک:**

بابەتە پراکتیکیەکانی کۆرسەکەمان خۆی لە گفتوگۆ و سیمیناری قوتابیو خوێندکاران دەبینێتەوە.

**19. تاقیکردنەوەکان:**

شێوزای تاقکردنەکان پەیوەستە بە سیستمێکی یەکگرتووی زانکۆ و کۆلێژەکان کە دابەشکارییە لەنێوان تاقیکردنەوەیەکی میدتێرم کە ٣٠ نمرەی لەسەرە لەگەڵ ١٠ نمرەی چالاکی، گفتوگۆو و بەشداری و راپۆرتی قوتابییەکە لەناو هۆڵی وانەگوتنەوە. ٦٠ نمرەکەی تر لەتاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرسەکەیە کە ئێمە هەوڵ دەدەین لە چوار پرسیار کۆیان بکەینەوە و ئەم چوار پرسیارەش دابەشی سەر هەر سێ ئاستی باش، مامناوەند و خراپی ئاستی قوتابیان بکەین. بۆ هەر پرسیارێک ١٥ نمرە دەبێت. پرسیارەکان جۆراو جۆرن، هەندێکیان بەشێوەی ژماردنن، واتە رەهەند، جۆر یان بەشەکانی بابەتێک بژمێرێت و دواتر باس لە یەک یان دوویان بکات. بەشێکی تری پرسیارەکان تەنها شیکردنەوەی بابەتێکە لەناو هەریەک لەو سیستمە سیاسییانە. ئینجا دەکرێت پرسیارێک لەسەر بەراوردکاری بێت لەنێوان دەزگای دوو سیستم، کە ئەمە زۆر گرنگە بۆ پێوانی تێگەیشتنی قوتابی. لەگەڵ ئەمانەش بیرمان لەوە کردۆتەوە بە پرسیارێکی تایبەت یان لەناو پرسیارێک داوای لێکدانەوە و شیکردنەوەی خودی قوتابییەکە بکەین بۆ یەکێک لە یەکەکانی ئەو سیستمانە لەژێر رۆشنایی تێگەیشتنی لە تیۆری سیستمی سیاسی. واتە بۆ نموونە لەژێر رۆشنایی خوێندنەوە بۆ پرۆسەی فیدباک و تێهاوێشتە و دەرهاوێشتە لەلای دەیقد ئیستن باس لە نموونەی چۆنیەتی کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان حکومەتی عێراق بکە و جواتر بۆچوونی خۆت بخەڕوو سەبارەت بە ئەدای ئەم دامەزراوەیە.